شیعر/ ئێوارانە -٤٣.. سەردار جاف

کوا ئێواران
لە زمانی هەناسەی من تێدەگەی
تووڕە بوونت دەریایەکەو
لێی قورتار نابم
کە سەراولێژ ئۆغر بوونمە
ئەو دەمانەیش
دەخولێمەوە کە تەنهایی و وڕ و کاسی دەمگرێت و
هەر پاشگەزی بڕیار نابم
ئەم ئێوارە
لە کۆڵانە تەنگەکەی ئیشقا
گێژەڵوکێ
لە سەربانەکەی ماڵە باوانەوە
بۆ پێ دەشتە سەرابییەکە بەڕێو□ یە
بن هەر دارێ
مۆرانە ساباتی خۆی ل□ختووە و
هێدی هێدی
جەستەم دەخوا
بۆ نەمانم نیگای بەلای تەرزە و کڕێو□ یە
ئەم ئێوارە لە جەژنە شەخت□ یەکدا
سەوزە داراکان بە لادا دەهاتن
گوڵەکان دەپوکانەوە
تارماییەکان دێوەزمەی بڕینەوەی هەناسەی من و تۆ بوون
بە سەر باڵی رچین دەچوون
پەنجەی پەنهان
لە ئاسمانی تەنهاییدا
بە سەر رۆحم لەرانەوە
گڵۆپ کزکز ….جراکان فوو لێکراون
دەنگە سرتە و چرپەکانیش
کپ کپ رووە و ئاوابوون چوون
یادەکانمان
بوونە کۆلارەی مناڵان
ئاسمانی گەڕەک

شەکەتی و مەرگ و فەنابوون
چما ئەم تانهاییە ئۆغر دەکا
زریان و تۆفان روو دەدا
چاو لە توانەوەی خۆم و باڵابوونی شەهلا دەکەم
بە نێو سەیوانەکانی پێچاوپێچی خۆر
رۆژانێ شەبەنگیم
دەبێتە پەشمەک و بە دەست مناڵانی چەتوونەوە
پیس و لێخن و بۆر
چ جەژنێکە
هێندە ساردە لە قوربانی من دەچێ
ئیدی ژوان دەتوێتەوە و
بەرەو نەمانی ژن دەچێ
پێ دەچێ ئەسکیمۆ بم و نەمزانی بێ
دەبێ شەوارەی شەوسڕی
زنەي زەنوێرستانی بێ
من هەر دەبێ وێڵی وێڵ بم
تەنهایی دوا کاروانمە و
جێ مەنزڵ و فریاد رەسم
ئەوە نییە ئازیزەکەم
خۆشم دەوێی خۆشەویسترین کەسم

٤ / ٧ / ٢٠٢٣